# چەمك و رۆڵی بكەر لە ڕێزمانی ڕۆنانكاری و ئەركیدا

م.ی.حسن نجم الدين محمدأمين
بەشی زمانی كوردی/ كۆلێژی زمان
زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر

م.ی. لاوین تحسین رشید
بەشی دەرونزانی/ كۆلێژی ئاداب
زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر

**پوختە:**

لەم باسەدا تێڕوانینێكی نوێ بۆ بكەر دەخرێتەڕوو كە بكەر بەو فۆڕمەی ئێستای زۆر گرفتی لۆجیكی دێتە پێش لەوانەش بكەر لە دۆخی نەرێدا لەگەڵ بكەر لە رستەی كاری رانەبردوو كە لە رووی لۆجیكەوە ناشێ بكەر بن، چونكە یەكەمیان كارەكە ئەنجام نادات و دوومیشیان كارەكە ئەنجام نەدراوە بۆ ئەم مەبەستە دەبی پەنا ببرێتە بەر ڕێزمانی ئەركی كە چەند فۆڕمێكی بۆ بكەر داناوە، ناونیشانی باسەكە بریتییە لە (چەمك و رۆڵی بكەر لە ڕێزمانی رۆنانكاری ئەركیدا) لەم باسە بەراوردێك دەخرێتەڕوو و تیشك دەخرێتە تێڕوانینی نوێی ڕێزمانی ئەركی بۆ بكەر، باسەكە لەژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی كارەكە ئەنجام دەدات.

گرنگی باسەكە لەوەدایە تێڕوانینێكی نوێ بۆ بكەر دەخاتەڕوو و بكەری راستەقینە و بكەر ئاسا لەیەك جیادەكاتەوە، ئامانج لەم باسە دۆزینەوەی رێزمانێكە ئەرك و واتای بكەری راستەقینە بخاتەڕوو و جۆرەكانی بكەر دەستنیشان بكات لەسەر بنەمای ئەرك نەك شوێن هەروەك لە رێزمانی رۆنانكاریدا باوە.

باسەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام لە دوو بەش پێكدێت : بەشی یەكەم تایبەتە بە بكەر لە رێزمانی رۆنانكاریدا كە ئەم سەرباسانە لەخۆ دەگرێت: (بكەر، شوێنی بكەر، رێزبوونی بكەر لە رستەدا، بكەر لە رێزبوونی چەسپاو و ئازاد دا، جێگۆڕكێی بكەر لە رستەدا، رێكەوتنی بكەر لە رستەدا، بكەر لە رستەی نەرێدا، بكەر لە رستەی بكەر نادیاردا ) بەشی دوومیش تایبەتە بە بكەر لە رێزمانی ئەركیدا، كە ئەم سەرباسانە لەخۆدەگرێت ( تێڕوانینی ئەركی بۆ رستە، پێكهاتەی رستە لە رێزمانی ئەركیدا، بەشداربووەكانی رستە، رۆڵە سیمانتیكییەكانی بكەر، رۆڵە پراگماتیكییەكانی بكەر ). لەگەڵ ئەنجام و كورتەی باسەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

وشە كلیلەكان : بكەر(Subject) ، رۆنانكاری(Structuralisme) ، رۆڵی بكەر (Subjcctive) ڕێزمانی ئەركی (Functional grammar) ،ئەنجامدەر(Agent) ، (Beneficiary)، ئەزموونكار (Experiencer)، ئامراز(Instrument) ، هێز. (power)

**پێشەكی:**

**أ- ناونیشانی باسەكە:**

ناونیشانی باسەکە بریتیە لە ( چەمك و رۆڵی بکەر لە رێزمانی رۆنانکاری و ئەرکیدا) لێکۆلینەوەیەکی سینتاکسی واتاییە.

**ب- سنووری باسەکە :**

باسەکە لە سنووری سینتاکسی و سیمانتیك تیشك دەخاتە سەر چەمك و رۆڵی بکەر لە رستەی سادەی زمانی کوردیدا.

**ج- ئامانج و گرنگی باسەکە:**

ئامانج لەم باسەدا گەیشتنە بە چەمك و ئەرکی بکەر لەسەر بنەمای رۆڵی لەرستەدا بە پێی واتا، گرنگی باسەکە لەوەدایە باس لە رۆڵی بکەر دەکات لە هەردوو رێزمانی رۆنانکاری و ئەرکی و گرنگی، هەروەها تێڕوانینێکی نوێ بۆ بکەر دەخاتەڕوو و بکەری راستەقینە و بکەر ئاسا لەیەك جیادەکاتەوە.

**د- گریمانەی لێکۆڵینەوەکە :**

لێکۆڵینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات کە ئەو پێناسەی ئێستا بۆ بکەر دەکرێت لە رێزمانی رۆنانکاریدا لەگەڵ ئەرکەکانی لە رستەدا یەکناگرنەوە، بۆیە توێژەر بەپێویستی دەزانێ بەدوای رۆڵی راستەقینەی بکەردا بگەڕێین چەمك و واتا و ئەرکەکەی بەروونی دەستنیشان بکرێت .

**ه- پرسیاری لێکۆڵینەوە:**

ئەم باسە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیانە ئەنجام دەدرێت:

-جیاوازی چییە لە رۆڵی بکەر لە رێزمانی رۆنانکاری و ئەرکی ؟

-ئایا هەموو کاتەکان هەموویان بکەریان هەیە ؟

-بکەر لە باری نەرێدا بە بکەر هەژمار دەکرێت ؟

-بکەر بە پێی شوین دەستنیشان دەکرێت یان ئەرك ؟

-چۆن بکەر و بکەر ئاسا لەیەك جیا بکەینەوە ؟

-بکەرەکان چەند جۆرن لە روانگەی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکەوە ؟

**٦- رێبازی باسەکە:**

باسەکە لە ژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی شیکاری لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدات .

**و- ناوەرۆکی باسەکە:**

باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم تایبەتە بە بکەر لە رێزمانی رۆنانکاریدا کە ئەم سەرباسانە لەخۆ دەگرێت: (بکەر، شوێنی بکەر، رێزبوونی بکەر لە رستەدا، بکەر لە

ڕێزبوونی چەسپاو و ئازاد دا، جێگۆڕکێی بکەر لە ڕستەدا، ڕێکەوتنی بکەر لە ڕستەدا، بکەر لە ڕستەی نەرێدا، بکەر لە ڕستەی بکەر نادیاردا ) بەشی دوومیش تایبەتە بە بکەر لە ڕێزمانی ئەرکیدا، کە ئەم سەرباسانە لەخۆدەگرێت (پێتێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە، پێکهاتەی ڕستە لە ڕێزمانی ئەرکیدا، بەشداربووەکانی ڕستە، ڕۆڵە سیمانتیکییەکانی بکەر، ڕۆڵە پراگماتیکییەکانی بکەر ) لەگەڵ ئەنجام و کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

## ١-بکەر : (Subject)

ڕستەسازی بۆ چەند ئامانجێکە وەك هەڵبژاردنی کەرستەکان و ڕێزکردن و ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر ڕێزکردنەوە دێت، لە ڕستەسازیدا باس لە ئەرکی وشە دەکەین، نەك ڕواڵەت، بەم پێیە ڕستەسازی دەستووری لێکدان و ڕێزکردنی کەرستەکانە بە پێی سیستەمی زمانێکی دیاریکراو.

بکەر ئەو ناوەیە کە بە کاری ڕستەکە هەڵدەستێت هەندێ جاریش جێناو، شوێنی دەگرێتەوە(محەمەد علی الخولی:١٩٨٠:٢٧١) . وەك : شیلان لە کتێبخانەدا دەخوێنێت

ئەو لە کتێبخانەدا دەخوێنێت.

ئەرکی ڕاناوی لکاو ڕێکەوتنە لەنێوان بکەر و بەرکاردا (وریا عمر أمين:٢٠٠٤:١٩٩).

ڕستەسازی ڕۆنانکاری ئەو ڕستەسازییەیە کە گرنگی بەلایەنی ڕووخسار دەدات نەك ئەرکەکەی، ڕۆنانکاری Structuralisme سیستەمێکی پەیوەندییە کە پێکهاتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ جیهانی دەرەوە، سۆسێر پێی وایە زمان دەبێت لەخۆیەوە بۆ خۆی بێت و زمان لەلای ئەم ڕوخساری ڕێکخراوە بەپێی دەنگەکان و بۆچوونەکان، ڕۆنانکاری لای سۆسێر بەستراوەتەوە بە کۆتی کات و شوێن (محمد الشاوش:١٩٩٠:١٤) . ڕۆنانکارەکان چەند ئامانجێکیان هەبوو لەوانەش وەسفکردنی باری ئێستای زمانی قسەکردن و لە توێژینەوەکانیاندا زیاتر گرنگیان بە ڕووخسار دەدا نەك واتا، چونکە پێیان وابوو تەنها فۆرم بەرجەستەیە (سەلام ناوخۆش:٢٠٠٥:٣٩)

ڕستە گەورەترین دانەی وەسفی ڕێزمانیە (Lyons:1977:176) و بکەر پێداویستییەکی سەرەکی ڕستەیە و ئەرکی ڕاپەڕاندنی کارەکەی گرتۆتە ئەستۆ، هیچ ڕستەیەك بێ بکەر نابێت بەڵام دەتواندرێ بشاردرێتەوە لەبەر چەند هۆکارێك.

## ٢- شوێنی بکەر:

ئاشکرایە کەرستە سەرەکییەکانی ڕستە پێکدێت لە (بکەر) و (بەرکار) و (کار) ئەمە شێوەی ڕێزکردنی ئاسایی ئەو ڕستانەیە کە کارەکەیان تێپەرە، جا دەبینین ئەوەی ڕۆڵی (بکەر) دەگێرێت (ناو) یان (جێناو)ە بۆیە شوێنی سەرەتا بۆ ( ناو ) و ( جێناو) دەبێت وەك:

-چاوان بە یەکەم دەررچوو.

-ئەو بە یەکەم دەرچوو.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوە ( چاوان) ناوە و ( ئەو) جێناو.

دەشێت شوێنی ئاوەڵکاری کاتی بگۆڕدرێت و ببێتە لوتکەی رستە بۆ نموونە رستەی:

-چاوان پار بە یەکەم دەرچوو.

ببێتە:

-پار چاوان بە یەکەم دەرچوو .

لە رستەی کاری تێنەپەر زۆر جار گۆڕینی شوێن، کار لە ئەرك ناکات، بۆیە ناشێت ئێمە ئەرك بدەینە پاڵ شوێن، وەك ئەم دوو رستەیەی خوارەوە :

-گەڵای دارەکە وەری.

-دارەکە گەڵای وەری.

بکەری ئەم رستەیە هەر ( گەڵا) یە نەك ( دار)، چونکە ( وەرین ) تێنەپەرە و دەدرێتە پاڵ (گەڵا) نەك (دار) کە دیارخەرە، چونکە بنچینەی رستەکە بەم شێوەیە:

-گەڵا وەری .

شوێنی دووەم لەم رستەیەدا بۆ ( بەرکار) ە، بێگومان ئەو بەشە ئاخاوتنانەی کە رۆڵی ( بەرکار) دەبینن بریتین لە ( ناو، جێناو ) (عبدالوحد مشیر دزەیی:٢٠١٣:٢٠) وەك :

-چاوەرێ ئاوان ئاوانی خۆشدەوێت .

-شیلان ئەو دەناسێت.

لەم دوو رستەی سەرەوەدا (ئاوان ) ناوە و (ئەو) جێناو، هەردووکیان رۆڵی بەرکاریان بینیوە

**٣- ریزبوونی بکەر لە رستەدا :**

زمانی گەلانی سەر زەوی بە پێی کەرستەی ڕستە پۆلین کراون. لەو ڕێز بەندەدا سێ کەرستەی سەرەکی بەهەند وەردەگیران، کە بریتین لە (بکەر) بە هێمای(s)، بەرکار بەهێمای(o) ، کار بە هێمای .(v) بە واتایەکی تر ڕێزبەند ( بکەر، بەرکار، کار) وەك پێوەرێك بەکارهێنرا بۆ بەراوردکردنی زمانەکان لە نێوان خۆیاندا. ئەگەر هەرسێ هێماکەی سەرەوە لەیەکتری بدەین، دەبن بەشەش ڕێزبەند وەك:

| | |
|---|---|
| (بکەر، بەرکار، کار) | sov |
| (بەرکار، بکەر، کار) | osv |
| (بکەر، کار، بەرکار) | svo |
| (بەرکار، کار، بکەر) | ovs |
| (کار، بکەر، بەرکار) | vso |

(کار، بەرکار، بکەر) vos

بە پێی بۆ چوونی گرینبرك ( Greonberg ) لەرستەی ئاسایی هەموو زمانانی جیهان دا بکەر هەمیشە پێش بەرکاردێ (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤:٢٣٨).

واتا لەم شەش ئەگەرەی سەرەوە تەنیا سێ ی یەکەمی لەزمان دا دەردەکەوێ بەم جۆرە زمانانی جیهان لەم رووەوە بونەتە سێ جۆر:

١- جۆری (VSO) ئەوانەن کە فرمانیان پێش بکەر دەکەوێ:

وەك: زمانی عەربی : اشترى الولد كتابا. ( کڕی کوڕەکە کتێبێك ).

فرمان بکەر بەکار

( V + S + O )

2- جۆری (SVO) ئەوانەی کەفرمانیان دەکەوێتە نێوان بکەرو بەرکار

وەك: زمانی ئینگلیزی The boy bought a book:

کورەکە کڕی کتێبێك.

( S + V +O )

3- جۆری (SOV) ئەوانەی کە فرمانیان دەکەوێتە دوای بەرکار:

وەك : زمانی کوردی : کورەکە کتێبێکی کڕی.

( S + O +V )

( بکەر- بەرکار- کار ) (طالب حسين:١٩٩٨:١١٠)

سەبارەت بە زمانی کوردی دەشێت دوو ڕێزبەند بخرێتە ڕوو وەكsov) :، (svواتە کاری تێپەڕ ڕێزبەندی (بکەر، بەرکار، کار) ی هەیە و کاری تێنەپەڕ (sv)هەیە، وەك :

-ئارەزوو خەوت.

لێرەدا ڕستەکە کارەکەی تێنەپەڕە، بۆیە دەبینین پێویستی بە بەرکار نیە بەم جۆرە ڕێزبەندی کەرستەکان کراوە. وەنەبێت هەر لە کاری تێنەپەڕ ئەم جۆرە ڕێزبەندە هەبێت، بەڵکو لەکاری (بکەر نادیار) یش هەمان ڕێزبوون هەیە وەك :

-کتێبەکە نووسراوە.

هەروەها ئەگەر ڕستە کارەکەی تێنەپەڕ بوو یا بەهۆی (اندن) بکرێتە تێپەڕ بەشێوەی ڕێزبەندی (sov) دەبێت وەك:

-شیلان دارەکی شکاند

لەئاستی ڕستەسازیدا ئەگەر رستە بەگەورەترین دانە وەربگرین و شیبکەینەوە بۆ پێکهێنەرە ڕاستەوخۆکانی بەپێی ئەرکەکەی لەڕستەدا دەبینین هەر پێکهێنەرێك وەك (بکەر ،کار،بەرکار،تەواوکەر) دەکرێ پێنج قالبی ڕستەی کوردی دەستنیشان بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە (Mahamad.M.F:1997:246) .

| قالـــب | ڕستە |
|---|---|
| -1بکەر .کار | منالەکەڕۆیشت. |
| -2بکەر .بەرکار .کار | ژن ژن ناخوات. |
| -3بکەر .تەواوکەر.کار | بنێشت بەدەستیەوە لکا. |
| -4بکەر.بەرکار.کار.تەواوکەر | دەستی خستە ئاوەکە |
| -5بکەر.بەرکار.تەواوکەر.کار | من تۆ بەئازا دەزانم |

**٤- بکەر لە ڕیزبوونی چەسپاو و ئازاد دا :**

**أ- ڕیزبوونی چەسپاو :**

ئەم جۆرە ڕیزبوونە بە هیچ جۆرێك ناتوانێت کەرستەکانی ڕستە لە شوێنی خۆیان بجوڵێنێت و جێگۆڕکێیان پێ بکات ( هەر گۆڕانێك لە سنوری کەرستەکان، لە سنوری گرێکاندا ڕوو بدات دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و لێکدانەوەی واتای کەرستەکان دەگۆڕێت) (طالب حسين :١٩٩٨: ١١٠) .

-گورگەکە مەڕەکەی خوارد .

-مەڕەکە گورگەکەی خوارد.

لەم ڕستەیەی سەرەوە جیا لەوەی ئەرکی سینتاکسی (مەڕ و گورگ) گۆڕاوە لە ڕووی واتاوە،ڕستەی دووەم هەڵەیە.کەواتە زمانی کوردی ڕێگە بەم جۆرە ڕیزبوونە نادات.

**ب- ڕیزبوونی ئازاد :**

ئەم ڕیزبوونە پێچەوانەی ڕیزبوونی چەسپاوە، دەتوانرێت جێگۆڕکێ بە کەرستەکانی بکرێت بێ ئەوەی کار لە واتا و ئەرکی ڕێزمانی ڕستەکان بکات. ڕیزبوونی ووشەکان لەناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستە بکات، هەر گۆڕانێك پێش و پاش لە ڕیزبوونی کەرستەکان ڕوو بدات نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرك :

-ئەم خانووە باوکم دروستی کردووە.

-باوكم ئەم خانووەی دروست کردووە (طالب حسين:١٩٩٨: ١١٠) .

هەر زمانێك رێگایەکی هەیە بۆئەوەی پەیوەندی نێوان وشەکانی نیشان بدات، لەهەندێ زماندا بۆئەوەی پەیوەندی سینتاکسی نیشان بدات پشتی بە وشە و رێزبوون بەستووە (ئاواز حمه سديق بەگيخانی:٥٣) .

ئەم پەیوەندیە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی ئاسۆیی وشەکان لەگەڵ گرێکان لەناو رستەدا، هەروەها ئەو بنەما سەرەکیانەی کە کەرەسەکان لە ڕستەدا پابەندی دەبن، بۆ نموونە: ئەگەر زمانی ئینگلیزی وەرگرین وشە رێزبوون دەور دەبینێ، چونکە ئەو ناوەی پێش کارەکە دەکەوێت بکەری ڕستەیە و ناوی دوای کارەکە بەرکاری ڕستەیە وە گۆڕانی شوێنەکانیان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکانیان وەك:

-چیا لە بڵندی دا.

-بڵند لە چیای دا.

جا ئەم رێزبوونە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت بەپێی سروشتی پێکهاتی زمانەکە.

٥- جێگۆڕکێ بکەر لە ڕستەی سادە دا:

گۆڕان و پاش پێشکردنی کەرستە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە. وەك ئاشکرایە کە ناویش یەکێکە لە کەرستەکانی ڕستە. جولانەوەی ووشە لە چوارچێوەی ڕستە و ئاڵوگۆڕکردنی ووشەکان وادەکات ووشەکە جۆرە واتایەك لە خۆوە کۆ بکاتەوە (عەبدولواحيد موشير دزەیی: ٢٠٠٤: ٤٢).

-شاسوار باسی ئازاد دەکات.

-ئازاد باسی شاشوار دەکات.

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گۆڕینی ناوی (شاسوار- ئازاد) واتای ڕستەکە پێچەوانە دەبێتەوە. سەرباری ئەوەی ئەرکی رَێزمانیشیان دەگۆڕێت، وشە لە کاتی بەکارهێنانی لە ڕستە دەکەوێتە بەر دوو کۆت، پەسەندی رَێزمانی و پەسەندی واتایی (عەبدولواحيد موشير دزەیی: ٢٠٠٤: ٤٢)، کەواتە دەڵێین لە کاتی ڕێزکردن و دانانی وشە پێویستە ڕەچاوی واتا ڕێزمانییەکەیی و واتای ووشەکان و ڕێکەوتنی لەگەڵ وشەکانی هاوڕێیدا بکرێت، بەڵام هەندێ جار یاسای واتای زمان و رێزمان ڕێگە بەم جێگۆڕکێیە نادات، چونکە واتای ڕستەکە لەگەڵ لۆجیك دا ناگونجێت:

-پشیلەکە مشکەکەی خوارد.

-مشکەکە پشیلەکەی خوارد.

ئەمە لەبارەی ئەو ڕستانەی کە گۆڕانی کەرستەکان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا و ئەرکی وشە کە دەکەونە بەر ڕێزبەندی چەسپاو (ساجيده عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٣: ٤٧) بەڵام جۆرە ئاڵوگۆڕکردنێکی تر هەیە کە نابێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکان و ئەرکی ڕێزمانی کەرستەکان کە ئەمەیان دەکەوێتە بەر ڕێزبەندی ئازاد کە تیایدا نێرەر دەتوانێت بە هەڵبژاردنێك زیاتر مەبەستەکەی بگەیەنێت وەك لە جۆرەکانی ڕێزکردن ئاماژەمان پێکرد:

هەڵبژاردنێکی زۆر لە پێش قسەکەردا هەیە کە ڕۆنان و پێکهاتەی جیاوازی خۆی دەنوێنێت. هەر پێکهاتەیەك ئەرکێکی جیا بە جێدەهێڵێت وە قسەکەر دەتوانێت بە گوێرەی بارودۆخی وتن ڕۆنانێك ڕێك بخات. کەواتە ڕۆنانی جیاجیا واتای جیا جیا دەگەیەنێت:

-شێخ مەحمود ساڵانی بیست لە سلێمانی شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد.

-ساڵانی بیست لە سلێمانی شێخ مەحمود شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد.

-لە سلێمانی ساڵانی بیست شێخ مەحمود شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد.

-شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد شێخ مەحمود ساڵانی بیست لە سلێمانی (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی: ١٩٩٦: ٥٦) .

ئەگەر تەماشای هەریەك لەو ڕستانە بکەین دەتوانین بڵێین هاوواتان، بەڵام لە ڕویەکی تر هەریەکەیان واتایەکی تر دەگەیەنێت مەبەستی قسەکەر لە هەریەك لە ڕستەکان جیاوازە. بە پێی ڕێزمانی هەریەکە لەو ڕستانە هاوواتانین. بەڵام ڕێبازی گواستنەوە هەریەکە لەم ڕستانە بە هاوواتا دادەنێت (ئاواز صدیق بەگی خانی: ١٩٩٦: ٦١) .

ئێمەش لە ڕوانگەی ئەرکییەوە بۆ ڕستەکان دەڕوانین. چونکە خاڵی گرنگ لە واتای بابەتی دا ئەرك و گۆڕانی واتایە، (یاسای گواستنەوە ڕێگە بەهەموو کەرستەیەك دەدات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە بە مەرجێك یاسای ڕێزکردن دەرفەت بدات).

لێرە دەگەینە ئەوەی کە یاساو پێشخستنی هەر کەرستەیەك بەندە بەچەند هۆکارێکەوە کە نێرەر لە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانە پەیامەکەی بە گوێگر دەگەیەنێت. ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت کە دەتوانێت کار لە بەرامبەرەکەی بکات. ئەو پەیامەی کە مەبەستیەتی پێی بگات. هەروەها پێویستە لە کاتی ئاڵوگۆڕکردنی ناو لە ناو ڕستەدا دەبێت ئاماژە بە واتای بابەتی بکەین. لە زمانی کوردیدا چەند بارێك هەیە بۆ واتای بابەتی لە چەند ڕستەیەك دا ئەم جۆرە بابەتە دروست دەبێت تەنیا لەم بازنە دەتوانین جێگۆڕکێ بەناو بکەین. لەناو ڕستەدا دوو واتایان بگۆڕین ئەویش لەم دوو شوێنە:

**١- ڕستەی فراوانکراو :**

مەبەست لەم جۆرە ڕستانە گرێی ناوی یان گرێی کاریان بەچەند دیارخەرێك فراوان کراوە. ئەم ڕستانەش چ ڕستەی سادە بن یان نـاسادە، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بە ڕستەی سادە دەکەین کە هەریەك لەو دیارخەرانە دەشێت پاش و پێش بکرێن:

-ساکار و نیشتیمان و پیاوێك هاتن.

-نیشتیمان و ساکار و پیاوێك هاتن.

-پیاوێك و ساکار و نیشتیمان هاتن.

پاش و پێشکردنی هەریەك لەم ناوانە پەیوەندی بە هۆکاری دەرونیەوە هەیە. واتای هۆشەکی هەموو ڕستەکان یەکن، بەڵام لە ڕووی واتای بابەتیەوە جیاوازن. هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدەن.

**٢- لە ڕستەی کار تێپەڕەکاندا :**

ئەم جۆرە ڕستانەن کە بەبێ تەواوکەر واتای ڕستەکان تەواو نابێت. لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی یاسای ئەم جۆرە ڕستانە بەم شێوەیە:

بکەر+کار+ تەواوکەری ڕاستەوخۆ.

کار+تەواوکەری ڕاستەوخۆ+بکەر

-بێستون پەنجەرەکەی شکاند.

-پەنجەرەکەی شکاند بێستون.

-پەنجەرەکە لە لایەن بێستون شکێندرا.

لەم جۆرە ڕستانە بە ئاڵوگۆڕکردنی ناوەکان مەبەستی ڕستەکە و قسەکەر دەگۆڕێت، هەریەکەیان وەڵامی پرسیارێکی دیاری کراو دەدەنەوە و خاڵێکی دیاری کراو دەپێکن.

**٣- ئەو ڕستانەی کە بەرکاری ناڕاستەوخۆی تێدایە :**

ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕستەی تێپەڕ و تێنەپەڕەکاندا وە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکرێت لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕ و تێپەڕ بێت، بەڵام ئێمە لە ڕستەی فرمان تێنەپەرەکاندا باسی دەکەین. لەم جۆرە ڕستانە دەکرێت لاببردرێت. بەڵام هاتنی زیاتر بۆ مەبەستی روونکردنەوە و تێگەیشتنی بەرامبەرە. ڕێزکردن لە ڕستەی تێنەپەردا بەم شێوەیە دەبێت:

بکەر+ کار+ بەشێوەی ئاسایی

کار+ بکەر بەشێوەی نائاسایی

ڕیزبوونی دووەم لەکاتی قسەکردندا قوڕسترە ڕاوەستانێك لەسەر کارەکە دەبێت لە نووسیندا (ئاواز صدیق بەگی خانی: ١٩٩٦: ٥٦) .

لەم چەند ڕستانەی خوارەوە کە بەرکاری ناڕاستەوخۆیان تێدایە بە ئاسانی دەتوانین جێگۆڕکێ بەناوەکان بکەین.

-ئازاد بەپەلە بۆ قوتابخانە دەچێت.

-بەپەلە بۆ قوتابخانە دەچێت ئازاد.

-بۆ قوتابخانە دەچێت ئازاد بەپەلە.

-ئازاد بۆ قوتابخانە دەچێت بەپەلە.

وەك لە پێشتر باسمان کرد هەریەك لەم ڕستانە مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت. لە نێوان هەرجۆرە هەڵبژاردنێکی سینتاکسی واتایەکی تایبەت هەیە، قسەکەر خاڵێکی بەلاوە گرنگە لەسەر شتێك سورە لە

هەریەکێك لەم ڕستانە شیاوی ئاماژە دانە ئەرکی ڕێزمانی هەر ڕستەیەك لەو رستانە وەك خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەر دا نایەت ئەمەش بەڵگەی ڕێزبوونی ئازادە (ئاواز صدیق بەگی خانی: ١٩٩٦: ٥٦) خاڵی گرنگ لێرەدا (باس) و (خواس)ە.کە لەهەموو بوارەکاندا ئەو دەستەی یەکەم پێش دەکەوێت دەبێت بە باس، کەرستەکانی تر دەبن بە خواس جا ئەم کەرستانە هەر ئەرکێکی سینتاکسی ببینن هیچ ناگۆڕێن .

**٦- ڕێکەوتنی بکەر لە رستەدا:**

ڕێکەوتنی ڕێزمانی:

کەرستەکانی رستە لە هەر زمانێك دەبێت لە رووی ڕێزمانییەوە کەرستەکانیان گونجاو ڕێکبن لە رووی :

-کەس : Person

١- کەسی یەکەم :

من، ئێمە . لەگەڵ ئەو وشانەی کە دەتوانن لە بریان بەکاربێنرێت.

٢- کەسی دووەم :

تۆ، ئێوە . لەگەڵ ئەو وشانەی کە دەتوانن لە بریان بەکاربێنرێت.

٣- کەسی سێیەم:

ئەو، ئەوان لەگەڵ ئەو وشانەی کە دەتوانن لە بریان بەکاربێنرێت.

دەرکەوتنی جێناوەکان لەگەڵ رەگی فرمان بۆ ڕێکەوتن بەم شێوەیە:

أ- بۆ کاتی رابردووو :

دەستەی یەکەم بۆ تێپەڕ و دەستەی دووەم بۆ تێنەپەڕ.

ب- بۆ کاتی رانەبردوو :

دەستەی سێیەم بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ .

-ژمارە:Number

لە رووی واتاوە تاك ئاماژەیە بۆ تاکی شتێك وەك : بەرد، ئەو، گوڵ....هتد. ژمارەی تاك Single و جووت Dual و سێیی Trial کۆ Plural دەگرێتەوە، لە زمانی کوردی کۆ لە دووەوە دەستپێدەکات وەك:

-من : تاك

-ئێمە : کۆ .

-رەگەز: Gender

١- نێر :Massculine وەك : بەران، تەگە،.....هتد.

٢- مێ :Feminine وەك : ماکەر، مانگا،....هتد.

٣- بێلایەن :Nuter وەك : دار ، پەنجەرە،.....هتد.

رەگەز لەکاتی بانگکردن Vocative بەدەردەکەوێت وەك:

-کوڕە وەرە . (ە) بۆ نێرینە

-کچێ برۆ . (ێ) بۆ مێینە

**-دۆخ: Case**

شێوەیەکی تایبەتی بە وشە دەبەخشێت، لە زمانی عەرەبی دا ئەگەر ناو رۆڵی بکەرSubjcctive ی بینی و لە دۆخی مەرفوع دەبێت و نیشانەکەشی زەممەیە، ئەگەر رۆڵی بەرکار Objective ی بینی ئەوا لە دۆخی بەرکاری دەبێت و نیشانەکەی فەتحەیە.

لە زمانی کوردیدا بکەر و فرمان لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون واتە رەگی فرمان راناوێکی لکاوی سەربەهەمان کەس و ژمارەی بکەر وەردەگرێت وەك:




له زاری ناوەڕاستی زمانی بکتر ڕێکەوتنی ( بکەر ط.ك ڵ (کار ) ە، له کاتی رابردوو وەك:



له کرمانجی ژووروو ڕێکەوتن بەرکار لەگەڵ کار ڕێکدەکەوێت لە کاتی رابردوودا وەك:




**ب- ڕێکەوتنی واتایی:**

کار لە ڕستەدا پێویستییەکانی خۆی لە بکەر و بەرکار هەڵدەبژێرێت، بە پێی گونجانیان لە ڕستەدا ڕێك دەخرێن وەك :

-کەوەکە فڕی . ڕێکەوتنی واتایی هەیە و ئاساییە.

-کەوەکە پشیلەکەی خوارد . نائاسایە و ڕێکەوتن نییە (عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠١٣:٦٢) .

**٧- بکەر لە ڕستەی نەرێدا:**

بیری ڕستە لە رووی هەبوون و ڕاستی ڕوودان و ڕوونەدانی ڕووداوەکە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆرە ڕستە:

١- ڕستەی ئەرێ

٢- ڕستەی نەرێ (کوردستان موکری موکری: ١٩٨٦: ٥٤) .

له زمانی کوریدا رستەی ئەرێ و نەرێ بۆ گوزارشت کردن لەو پەیوەندیانە بەکار دێت کە لەنێوان دیاریدە و رووداوی رۆژانە هەنەو مرۆڤ هەست بەبوونیان دەکات ، بەزۆریش ئامرازەکانی ( نە ، نا ) رستەی نەرێ لە زماندا دروست ئەکەن، چونکە رستەی نەرێ بە شێوەیەکمی نەبوونی رووداوی بیری رستە، کە بە تەواویی پیشانمان دەدات وەك:

-براکەم پارێزەرە.

-سەیرانەکە خۆشبوو.

-هەولێر شارێکی دێرینە

-کەس بێکەس نابێت.

-بەهار بە گولێك نایەت.

**مۆرفیمەکانی نەرێ بریتین لە:**

أ- (نە) لەگەڵ کاری ( رابردوو و رانەبردووی تێپەر) دا دێت لەگەڵ کاری ( رانەبردووی ئەگەری ) و دەمکاتەکانی ( کاری رانەبردووی تێنەپەڕ ) وەك:

-هات : نەهات

-دەهات : نەدەهات

-ئەگەر نەهات ؟

-شکاند : نەشکاند.

-دەشکاند : نەدەشکاند

ب- (نا) لەگەڵ کاری رانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەر لە دۆخی ئاگاداری دێت وەك:

-دەچم : ناچم.

-ناهێلم بە تەنها سەفەر بکات

-ئوتۆمبێلەکە ناکڕم

-بەهاری ئیمساڵ ناخۆش نەبوو.

ج- (مە) لەگەڵ کاری فەرماندان وەیا داخوازی دێت وەك:

-بکرە : مەکرە

-بخوێنە : مەخوێنە

**نەرێ دوو جۆرە** (کوردستان موکری موکری: ١٩٨٦: ٥٧) .

١- نەرێی تەواو:

ڕوونەدانی کارەکە بە تەواوەتی دەردەخات وەك:

-ناتوانم بەرۆژووبم.

-نەی دەتوانی ئۆتۆمۆبیل لێخوڕێت.

لە زمانی کوردیدا هەندی وشە هەن کە لەگەڵ نەرێ بەکاردێن و جەخت لەسەر ڕوونەدان دەکەنەوە لەوانەش :

(قەت، هەرگیز، هیچ، ....هتد ) (کوردستان موکری موکری: ١٩٨٦: ٥٨)

-هیچی نەکرد بۆمان.

-هەرگیز یادگارییەکانت لە یاد ناکەم.

-قەت وازناهێنم لە خوێندن.

-هەرگیزا و هەرگیز ناگەڕێمەوە.

٢- نەرێی گوماناوی:

گومان و دو دڵی نیشان دەدات و دڵنیا نییە لە ڕوونەدان وەك:

-تۆ لەم نامەیەت نە نووسیوە ؟

-تۆ ئەم کارەت نەکردووە ؟

ئەگەر ڕستە دوو جار نەرێ بکرێت ئەوا ڕستەکە دەبێتە ئەرێ (کوردستان موکری موکری: ١٩٨٦: ٥٩) وەك:

-ئەو ناتونێ بەشداری ئەو کۆڕە نەکات.

**٨- بکەر لە ڕستەی بکەر نادیاردا:**

چەمکی (بکەر نادیار) لە هەموو زمانێکدا ئەوە دەگەیەنێت کە بکەر دەشاردرێتەوە یان لادەدرێت، واتە پاڵاوگەی مێشك لەبەر هەندێ هۆی تایبەت وەك : ترس و لێپرسینەوە و یا خۆشەویستی خۆ بە دوورگرتن لە کێشە، دەیسڕێتەوە، ڕستەی بکەر نادیار لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەم هەنگاوانەی خوارەوە دروست دەکرێت:

١- بکەر و ڕاناوی لکاو لادەدرێن.

٢- بەرکار شوێنی دەگرێتەوە.

٣- چاوگی کارەکە وەردەگیرێت.

٤- مۆرفیمی نادیاری (ر) دەخرێتە سەر فرمانەکە.

٥- مۆرفیمی کات دەخرێتە سەر فرمانەکە (ا) بۆ رابردوو و (ێ) بۆ رانەبردوو.

٦- بە پێی کەس و ژمارە بەرکارە راناوی لکاو وەردەگرێت وەك:

-ئێمە ئازاد دەناسین. دەبێتە: ئازاد دەناسرێت.

-من ئێوەم دیتبوو. دەبێتە : ئێوە بینرابوون (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤:١٧٤).

**بەشی دووەم : بکەر لە ڕێزمانی ئەرکیدا:**

**١- تێڕوانینی ئەرکی بۆ ڕستە : (Functional sentence perspective)**

ڕستە بە پێی ڕێزمانی ئەرکی Functional grammar لە دوو کەرت پێکهاتووە (تەوەرە) ، کە سەرەتا دێت، چونکە مرۆڤ سەرەتای دەربڕینی بە زانیاری زانراو لای قسەکەر دەست پێدەکات کە بابەتی (Subject)قسەکردنەکەیە و دواتر گوزارە (Predicate) ی ڕستەکە دێت، کە زانیاری نەزانراو لەخۆدەگرێت بۆ گوێگر (اندریە مارتنیە : ١٩٨٥:١٢٤) وەك:

<u>منداڵەکان</u>    <u>خەوتن</u>.

تەوەر    گوزارە

لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا:

أ- دامەزرێنەری کۆماری مهاباد قازی محەممەد بوو.

ب- قازی محەممەد دامەزرێنەری کۆماری مهاباد بوو.

ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی واتاوە نزیکن لەیەك و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن (قازی محەممەد) دامەزرێنەری کۆماری مهاباد بووە، بەڵام ئەم دوو ڕستەیە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە جیاوازن، چونکە لە دوو دەوروبەری جیاواز بەکاردێن، ئەم دوو بەکارهێنانەش پەیوەندی بە زانیاری هاوبەشی ئاخێوەرانەوە هەیە، هەریەکەیان گریمانەی ئەوە دەکات کە گوێگر شتێك دەزانێت و دەیکاتە تەوەرەی باسەکە و دواتر زانیاری زیاتری لەبارەیەوە دەدات، جا ئەو زانیارییەی کە قسەکەر گریمانەی دەکات گوێگر دەیزانێت پێی دەگوترێت )زانیاری پێدراو(Given information ، دەبێتە تەوەرەی قسە و ئەو زانیارییەی دەربابەتەی تەوەرەی قسەکە دەدرێت، پێی دەگوترێت ( زانیاری نوێ(New information) ، هەریەك لەم دوو ڕستەیە ئەرکێك دەنوێنێت، ڕستەی (أ) ئەرکی راگەیاندنی ئەوە دەبینێت (کێ) کۆماری مهابادی دامەزراند، ڕستەی (ب) ناساندنی (قازی محەممەد)ە، جیاوازی ڕۆنانکارەکان و ئەرکییەکان لەوەدایە، ڕۆنانکارەکان وەسفی دەکەن، بەڵام ئەرکییەکان بەدوای هۆکاردا دەگەڕێن و دەپرسن بۆ وایە ؟

**٢- پێکهاتەی ڕستە لە ڕێزمانی ئەرکیدا:**

بنیاتی ڕێزمانی ئەرکی لە ڕێگای سێ پێکهاتە دیاریدەکرێت :

أ- پێکهاتەی گوزارە. (Structure Predicative)

ب- پێکهاتەی ئەرکی. (Structure Functional)

ج- پێکهاتەی ستراکچەری.(Structure Constituent)

هەریەك لەم پێهاتانەش لە ڕێگای جێبەجێکردنی سێ کۆمەڵە یاسا دەبن کە بریتین لە (بنچینەو یاساکانی دانەپاڵی ئەرك و یاساکانی دەربڕین ) :

أ- یاساکانی بنچینە. Fund

ب- یاساکانی دانەپاڵی ئەرك.Functions assignement rules

ج- یاساکانی دەربڕین .Expression rules (احمد المتوکل:١٩٨٥:٧ – ١١).

**أ- پێکهاتەی گوزارە:(Predicative structure)**

) بنچینە (Fund دەگرێتەوە و تایبەتمەندییە واتاییەکان دەنوێنێت لەکاتی پراکتیزەکردنی یاسا بنچینەییەکان، ئەم بنیاتە لە دوو بەش پێکهاتووە:

أ- فەرهەنگ: (Lexicon)

فەرهەنگ زانیاری دەربابەتەی چوارچێوەی (وشە) دەدات بە ئاخێوەران، و گریمانەدەکات زمانە سروشتییەکان دوو جۆرە وشەیان هەیە:

-(وشەی ڕەسەن) زانینی کۆمەڵێك ڕێسایە دەربارەی (وشەی) ی زمانە و قسەکەران فێری دەبن پێش بەکارهێنانی.

-(وشەی داتاشراو) زانینی توانای داتاشین و دورستکردنی کاری نوێ کە پێشتر نەیبیستووە .

فەرهەنگ وشەی ڕەسەن دەداتە) چوارچێوەی گوزارە (Predicate Frames و زاراوەکان (Terms) ، )احمد المتوکل:١٩٨٥:٧ - ١٢. (

لە بەرامبەر ئەمەدا یاساکانی پێکهێنانی چوارچێوەی گوزارە و زاراوەکان لە وشەی داتاشراو وەردەگرێت .

ب- یاساکانی پێکهێنانی گوزارە و بابەت و زاراوە: (Predicates and terms Formation rules)

مەبەست لێی ئەو ڕێگایانەیە کە داتاشینی پێدەکرێت، پێویستە دوو تایبەتمەندی تێدابێت :

-بەستانەوەی وشە دروستکراوەکان لە ڕووی کاتەوە بە هەمان وشەی گەشەی زمان.

-ئەو وشانەی کە بەرهەمهاتوون دەبێت کۆمەڵەیەکی کراوە بن و داخراو نەبن، بۆیە پێویستە دەستووری دروستکردن و داتاشینەکەی بەرهەمهێن بن.

فەرهەنگ و ڕێساکانی پێکهێنانی گوزارە، سەرچاوەن بۆ پێکهێنانی گوزارە کە بەم قۆناغانەدا دەڕوات:

**١- بنیاتی واتایی ڕستە:**

بنیاتی واتایی ڕستە بەندە بە:

أ- **گوزارە** (Predicatel) ئاماژە بۆ تایبەتمەندییەك یان پەیوەندییەك دەكات، چوارچێوەی گوزارە لە ڕێزمانی ئەركی ئاماژەیە بۆ) دۆخێكی كار (State of affairs و هەر یەك لە زاراوەكانی ڕۆڵێك دەگێڕن، واقیع لەم ڕێزمانەدا چوار جۆرن (احمد المتوكل:١٩٨٥:٧ - ١٣):

+كردە : (Actions) وەك : سۆران چایەكەی خواردەوە.

+ڕووداو : (event) وەك : پیاوەكە دیوارەكەی ڕوخاند.

+پۆزیشن : (Positions) وەك : كرێكارەكە لەسەر دیوارەكە وەستاوە.

+بابەت ودۆخ : (States) وەك : منداڵەكە بە دیارییەكە دڵخۆش بوو.

گوزارە ئاماژە بۆ واقیعی ڕووداوێك دەكات و ئەم واقیعەش ئەگەر وردتر بۆی بڕۆین دابەش دەبێت بۆ:

١- جوولەی گواستنەوە : وەك: نیشتیمان لە هەولێرەوە گەشتیكرد بۆ شەقڵاوە.

٢-شوێن : وەك : سەركەوت پاڵكەوتووە.

٣-چاڵاكی : وەك : ئەردەلان گوتارێكی نووسی.

٤- سوودمەند: هەڵمەت ئۆمۆبیلێكی بۆ براكەی كردە دیاری.

٥- گۆڕان : ئاری دەرگاكەی كردەوە.

٦- ئەزموون : پیاوەكە ژنەكەی خۆی خۆشدەوێت.

٧-هەستكردن : تەنیا غەمبابەتە.

ب- زاراوەكانی گوزارە دابەش دەبێتە سەر دوو بەش) : بابەت (Arguments و) تەواوكەر. دەربڕینە گوزارەییە پێكهاتەییەكان : (بك) (بكەر)، ( بر) (بەركار)، (ئان) (ئاوەڵناو) (ئاك) ( ئاوەڵكار)

ج- شوێنی زاراوە بە هێماكراوەكان(x1 ، x2، (x n......

د- ئەركە واتاییەكان : (( ئەنجامدەر) ك )، (كارتێكراو) (سوودمەند)...........

ه- كۆتی هەڵبژاردن كە گوزارە دەیسەپێنێت بۆ شوێنی زاراوەكان.

له ڕێزمانی ئەرکیدا چوارچێوەی گوزارەی فەرهەنگ و چوارچێوەی داتاشراو لە ڕێگای پراکتیزەکردنی یاسای پێکهاتەکانی گوزارەکان، چوارچێوەیەکی گوزارەیی ناوەکییە، بەواتایەکی تر تەنها (زاراوە) و (بابەت) دەگرێتەوە، ڕێزمانی ئەرکی پۆلێکی تری ڕێزمان پێشنیاز دەکات، کە بریتییە لە ( یاساکانی فراوانکردنی چوارچێوەی گوزارەیی) لە ئەنجامی پراکتیزەکردنی ئەم یاسایە (چوارچێوەی گوزارەیی فراوان) دروست دەبێت لە بەرامبەر (چوارچێوەی گوزارەیی ناوکی)، کاتێك یاساکانی فراوانکردنی چوارچێوەی گوزارەیی ، پراکتیزە دەکرێت، وەك :

-خواردەوە کار (x1 : زیندوو x1 ) ئەنجامدەر (x2 : شلە (x2) کارتێکراو .

-خواردەوە کار (x1: زیندوو x1)) ئەنجامدەر (x 2: شلە (x 2) کارتێکراو (x3) کات (x4) شوێن.

-خوارەوە کار (x1 : ئاسۆ(x1 ) ئەنجامدەر (x2 : چا(x2 ) کاترتێکراو (x3: ئیمرۆ(x3)) کات ( 4x: چایخانە: (4x) شوێن.

یاساکانی لێکدانی زاراوەکان پراکتیزە دەکرێت کە تیایدا زاراوەکان لێکدەدرێن لە شوێنەکانیان بە پێی کۆتی هەڵبژاردنی زاراوە و بابەتەکان، لە دوای پراکتیزەکردنی یاساکانی لێکدانی زاراوەکان، پێکهاتی کۆتایی ڕستە بنیات دەنرێت.

-ئاسۆ ئیمڕۆ چایەکی لە چایەخانە خواردەوە.

بۆ نموونە چوارچێوەی گوزارەیی کاری ( خواردەوە) و ئاوەڵناوی (دڵخۆش) بەم شێوەی خوارەوەی لێدێت :

-خواردەوە کار ( x 1: زیندوو( x1) ) ئەنجامدەر ( x2: شلە ((x2)

-دڵخۆش ئان :x1) زیندوو . Ø ((x1)

لای (سیمۆن دیك) ڕستە لە ڕێزمانی ئەرکیدا پێکدێت لە پێشبینییەك (Prediction) لەگەڵ چەند زاراوەیەك(Terms) ، کە بریتین لە چەند دەربڕینێکی (Expressions) تایبەتمەند و هەریەکەیان ئاماژە بۆ شتێك لە جیهانی واقیع دەکەن . ئێمە دەتوانین بگەین بە پاڵپشت لە ڕێگای پڕکردنەوەی نوێنەری خانەی گوزارە (Predicate) و دواتر پڕکردنەوەی خانەی بابەت (Argument) دواتر زیادە و تەواوکەرەکان (Satellites)دێت (يحيى احمد:١٩٩٩:٩٩).



دەتوانین پێشبینییەکە ناوبنێین (گوزارە)، کە (کارە) و زاراوەکانیش، کە پێداویستی ئەم (کار) ەن ناوبنێین )بابەت (Argument یان (بابەت).




دەبینین لەم ڕستەی سەرەوەدا (گوزارە) ی (فڕاند)، چونکە تێپەڕە پێویستی بە دوو (بابەت) دەبێت و ئەم بابەتانەش دەبێت لە ڕووی پێوانەوە گونجاوبێت لەگەڵ (گوزارە)، لەم ڕستەی سەرەوەدا (گوزارە) (ئەنجامدەر) یەکی زیندوو و مرۆڤە لە توانایدایە باڵندەیەك ئازاد بکات و بیفڕێنێت و ( کارتێکراو) یش زیندوو و باڵدارە، واتە توانای فڕینی هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی کۆتی هەڵبژاردن (Selection Restriction)کەرستەکان گونجاون.

**٣- بەشداربووەکانی رستە:**

بەشادربووەکان دوو جۆرن:

**یەکەم : بەشداربووە سەرەکییەکان:**

+ئەو بەشداربووانەی کە سەرەکین و بەشداری ناساندنی رووداوەکە دەکەن پێی دەگوترێت (Arguments)وەك : ئەنجامدەر، رازیبوو، وەرگر، بۆ نموونە گوزارەی (خواردەوە) دوو بابەتی پێویستە : راپەڕێنەر (ئەنجامدەر) و (رازیبوو) .(عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠١٥:٨٩) وەك :

-مناڵەکە شیرەکەی خواردەوە.

(مناڵەکە : ئەنجامدەر)

(شیرەکە : ڕازیبوو )

گوزارەی وا هەیە پێویستی بە سێ بابەت هەیە وەك:

-دەوڵەمەندەکە جلەکانی دا بە هەژارەکە.

(دەوڵەمەند: ئەنجامدەر)

(جلەکان : ڕازیبوو)

(هەژارەکە : وەرگر)

**دووەم : بەشداربووە ناسەرەکییەکان :**

تەواوکەر ئەو بەشداربووانە دەگرێتەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی کات و شوێنی و چۆنییەتی ڕووداوەکان وەك (عبدالواحد مشير دزەيی:٢٠١٥:٩٤):

-رەهێل ئیمرۆ بە پەلە پەرتوکەکەی لە پێش کتێبخانە دا بە تابان.

(رەهێل : ئەنجامدەرە .)

(ئیمرۆ : کاتە )

(بەپەلە: چۆنییەتییە.)

(پەرتووکەکە: ڕازیبوو)

(پێش کتێبخانە : شوێنە )

(تابان : وەرگرە.)

٢- یاساکانی لێکدانی بابەتەکان:

لە فەرهەنگ وشەکانی بۆ هەڵدەبژێردرێت و بەشێك لە پێکهاتەی گوزارەی لێ دروستدەکرێت.

٣- دیاریکردنی پێکهاتەی تەواوی گوزارە:

لە ڕێگای یاساکانی تەرخانکردن بۆ گوزارە تەواوی پێکهاتەکانی بۆ دابین دەکرێت لەڕووی کات : ڕابردوو، ڕانەبردوو، ئایندە، یاساکانی تەرخانکردنی سنوور بریتین لە : ناسیاوی و نەناسیاوی و ژمارە و نیشانە و ڕەگەز، بەمەش دەگەینە پێکهاتەیەکی تەواو.

**٤- ڕۆڵە سیمانتیکییەکانی (بکەر) :**

ئەرکە سیمانتیکی و پڕاگماتیکییەکان دەتوانن لە (بکەر) ی ڕستە، کە چەمکێکی گشتین و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا یەك کار دەکەن . ئەرکە سیمانتیکییەکان لە ڕێگای چەند چەمکێکی واتایی دەخرێتە ڕوو (احمد المتوكل:١٩٨٦:٣٥) وەك:

أ- ئەركی ئەنجامدەر: (Agent)

لە گرێی ناویدایە و (بکەر+ زیندوو) دەگرێتەوە و جێبەجێکەری کارەکەیە وەك :

-پشیلەکە مشکەکەی خوارد.

ج- سوودمەند: (Beneficiary)

ڕۆڵی واتایی گرێی ناوییە و سوودمەندە لە کارەکە وەك:

-تەلار دیارییەکی بۆهات.

ج- ئەزموونکار :Experiencer

ڕۆڵی واتایی گرێی ناوییە و تایبەتمەندی ئەو کەسە دەردەخات کە خاوەن هەست و دڕکپێکردنە وەك :

-من دڵخۆشم .

د- ئامێر : (Instrument)

ڕۆڵی واتایی گرێی ناویە و ئەو ئامرازەیە کە بەکارهاتووە بۆ ڕوودانی کارەکە وەك:

-چەقۆکە سێوەکەی بڕی.

ە- هێز : (power)

ڕۆڵی واتایی گرێی ناویە (بکەر، زیندوو) دەگرێتەوە و ئەو توانایەیە کارێك ئەنجام دەدات وەك:

-بایەکە دیوارەکەی ڕماند.

**٥- ڕۆڵە پڕاگماتیکییەکانی (بکەر) :**

**أ- سەرچاوە:**

سەرچاوە کەرستەیەکی پڕاگماتیکییە و کەرستەیەکە هەڵگری ئەو زانیارییە نەزانراوە یان هاوبەشەیە لە نێوان ئاخێوەران، سەرچاوە بە پێی جۆری پێدانی زانیاری دەبێتە دوو جۆر:

أ- سەرچاوەی بەرامبەری :

ئەو زانیارییە هاوبەشەیە کە ئاخێوەران دەیزانن، هەروەها خستنەسەر ی ئەو زانیاریانەش دەگرێتەوە کە قسەکەر دەیخاتە سەر زانیاری گوێگر، جگە لەمەش ڕاستکردنەوەی زانیاری گوێگریش دەگرێتە ئەستۆی خۆی (سعیدە زیغد:٢٠١٢:١٣٦) وەك :

أ- دارا ڕۆیشت بۆ هەورامان.

ب- دارا نەرۆیشت بۆ هەورامان.

**ب- سەرچاوەی نوێ :**

ئەو سەرچاوەیە کە قسەکەر بە مەبەستی هەواڵدان دەیداتە گوێگر  (احمد المتوكل:١٩٨٧:٦٩-٧٠)، لەم سەرچاوەیەدا دوو دەوروبەر دێتە ئاراوە:

دەوروبەری ١ : قسەکەر گریمانەی ئەوە دەکات گوێگر زانیاری لانییە .

دەوروبەری ٢:  قسەکەر زانیارییەکەی لانییە و لە گوێگر دەپرسێت بۆیە گوێگریش لە وەڵامدا زانیارییەکە بەلوتکە دەکات و پێشی دەخات (سعیدە زیغد:٢٠١٢:١٣٧).

وەك:

-کێ چوو بۆ مەلەکردن .

(کێ) سەرچاوەی نوێیە ( جێناوی پرسیارە).

وەرگرتنی ئەرکی (بکەر) لە لایەن سەرچاوەوە زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات، چونکە زۆرجار ئەرکی تەوەرە دەبینێت، وەیا لەگەڵ تەوەرە پێشبڕکێ لەسەر شوێنی بکەر دەکەن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ناتوانێت سەرچاوە ببێتە بکەر ئەگەر مەرجەکانی بێتە دی کە بریتییە لە بابەتی پرسیارکردن، لەم بابەتەدا زانیاری پرسیارلێکراو دەبێتە لوتکە و ئەرکی سەرچاوە دەبینێت و بە هەمان شێوەش ئەرکی (بکەر) دەبینێت، کە بریتییە لە زانیاری نەزانراو لە لایەن ئاخێوەران یان گوێگر، بۆ نموونە:

-کێ ئەمڕۆ بۆ زانکۆ هات ؟        (سەرچاوەی نوێ).

-کاروان ئەمڕۆ بۆ زانکۆ هات .  (کاروان) (سەرچاوەی نوێیە و بکەرە).

لە ڕستەی (کێ) ئامرازی پرسە و ئەرکی بکەری دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە لە وەڵام دا ناوی کەس شوێنی دەگرێتەوە.

بە هەمان شێوە سەرچاوەی بەرامبەری دەتوانێت ئەرکی (بکەر) وەربگرێت، وەك:

-تاڤگە نیگەرانە؟  (تاڤگە) سەرچاوەی بەرامبەرییە و ئەرکی بکەر دەبینێت.

-کاروان هات بۆ زانکۆ نەك شێرزاد . (کاروان) سەرچاوەی بەرامبەرییە و ئەرکی بکەری گرتۆتە ئەستۆ .

-تەنها ڕێزان خەمەکەی مایەوە . (ڕێزان) سەرچاوەی بەرامبەرییە و ئەرکی بکەری دەکەوێتە ئەستۆ.

**ب- تەوەرە :**

تەوەرە لە ڕێزمانی ئەرکیدا ئەرکێکی ناوەوەی پراگماتیکی هەیە، دەدرێتە پاڵ ئەو کەرستەیەی کە بابەتی قسەکەیە وەیا قسەی لەبارەوە دەکرێت لە دەوروبەرێکی تایبەتدا هەروەك لەم دوونموونەیەی خوارەوە روونکراوەتەوە:

أ- كێ کامەران ی بینی ؟

ب- ڕۆنیا کامەرانی بینی.

أ- کامەران چی پێدرا ؟

ب- کامەران پەرتوکێکی پێدرا .

له ڕستەی (أ) تەوەرە دراوەتە پاڵ بکەر، کەچی دەبینین لە ڕستەی (ب) تەوەرە دراوەتە پاڵ بەرکار، بەم پێیە تەوەرە ناکەوێتە بەرکۆت بەمەرجێك تەوەرەکە ئەو بابەتە بێت کە ئاخاوتنی لە بابەتەکەیەوە دەکرێت.

له نێوان ئەرکی (بکەر) و (تەوەرە) خاڵی هاوبەش هەن، چونکە خاڵی دەستپێکردنی ناو (بابەت) ن، (بکەر) خاڵی دەستپێکردنی ڕستەیە لە زۆر زماناندا بەواتایەکی تر ڕووی ڕستەکەیە هەربۆیەش پێش دەخرێت، بەهەمان شێوە (تەوەرە) ڕوویەکی ڕستەیە سەبارەت بەو ئاخاوتنەی دەربارەیەوە دەکرێت، ئەم دوو کەرستەیە لە پێشبڕکێدان بۆ وەرگرتنی خانەی یەکەمی ڕستە، (بکەر) وەك ڕووگەی یەکەم و (تەوەرە) ش وەك هەڵگری زانیاری پێدراوە بە پێی ئەو گوزارە کە لە ڕستەی هەواڵدان دا زانیاری پێدراو لە نێوان قسەکەر و گوێگر دابەش دەکرێت و زانیاری نوێ گوێگر نایزانێت (احمد المتوکل :١٩٨٦:٤٢-٤٣).

دانەپاڵی تەوەرە بۆ (بکەر) لە ڕێزمانی ئەرکی دا بریتییە لە:

أ- ئەنجامدەر :

-سانا چوو بۆ گەشت.

ب- رازیبوو:

-مناڵەکە ئامۆژگارییەکەی وەرگرتم.

ج- وەرگر :

-ڕێبین ڕۆژنامەکەی لێوەرگرتم. .

د- سوودمەند :

-براکەم خەڵاتەکەی بردەوە .

ە- ئامێر :

-چەقۆکە گۆشتەکەی بڕی.

**ئەنجام:**

١- بڵاوترین پێناسەی بکەر ئەوەیە کە (بە ئەنجامدانی کارێك هەڵدەسێت) لە زۆر باردا بکەر هەڵناسێت بە ئەنجامدانی کار و بکەریشی پێدەگوترێت.

٢- بکەر لە ڕێزمانی ڕۆنانکاری بە پێی شوێن دەستنیشان دەکرێت کە سەرەتایە و یەك ئەرکی هەیە کە بریتیە لە ئەنجامدانی کارێك و یەك جۆرە، بەڵام لە ڕێزمانی ئەرکیدا بکەر بە پێی ئەرك دەستنیشان دەکرێت و زۆر شێوە و جۆری هەیە بە پێی واتا .

٣- لە ڕێزمانی ڕۆنانکاری هەموو کاتەکان بکەریان هەیە و لە ڕێزمانی ئەرکیدا بکەر و بکەر ئاسا لەیەك جیادەکاتەوە و چەمکی بکەر تەنها بۆ بکەری ڕاستەقینە بەکاردەهێنێت .

٤- بکەر لە باری نەرێدا لە ڕێزمانی ڕۆنانکاریدا بە بکەر هەژماردەکرێت بەڵام لە ڕێزمانی ئەرکیدا بە بە بکەر هەژمار ناکرێت چونکە کار ئەنجام نادات .

٥- بکەر لە ڕێزمانی ڕۆنانکاریدا بە پێی شوێن دەستنیشان دەکرێت و لە ڕێزمانی ئەرکیدا بە پێی ئەرك و واتا دیاریدەکرێت.

٦- بکەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە کارێك ئەنجام بدات و بکەر ئاسا ئەوەیە تەنها لە ڕواڵەتدا بکەرە ئەگینا هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە بەڵکو ئامرازێکە .

-7بکەرەکان چەند جۆرن لە ڕوانگەی سیمانتیك و پراگماتیکەوە ؟ ڕۆڵە سیمانتیکییەکانی بکەر بریتین لە (ئەنجامدەر)، (سوودمەند)، (ئەزموونکار)،(ئامراز)، (هێز)، ڕۆڵە پراگماتیکییەکانیش بریتین لە(سەرچاوە)،(تەوەرە).

**سەرچاوەکان:**

**أ-بەکوردی :**


١-ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی (١٩٩٦)، ڕێزبوونی کەرستە لە زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢-ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٣)، ڕستە و پاش ڕستە، تیۆروانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣-سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥) زمانناسی، مێژووی، بنیاتگەری، چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، چ/١، هەولێر.

٤-طالب حسین عەلی ( ١٩٩٨)، هەندێك لایەنی پەیوەندی ڕستە و واتای لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

٥-عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٥) ڕەهەندی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، چ/١ هەولێر.

٦-عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣) ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، ناوەندی ئاوێر- هەولێر.

٧-عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٥) ڕێزمان و واتا، ناوەندی ئاوێر- هەولێر.

٨-كوردستان موكريانى (١٩٨٦) سنتاكسى رستەی سادە لەزمانی کوردی دا.

٩-وريا عمر أمين (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چ/١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

**ب-بە عەرەبی :**

١- احمد المتوكل (١٩٨٥) الوڤائف التداوليه فى اللغه العربيه، گ١، مگبعه النجاح، دار البيچاو، المغرب.

٢- احمد المتوكل (١٩٨٦) دراسات فى اللغه العربيه الوڤيفى، گ/١، دار الپقافه الدار البيچاو، المغرب.

٣- أحمد المتوكل (١٩٨٧) من البنيه الحمليه إلى البنيه المكونيه،گ/١،دار الپقافه الدار البيچاو، المغرب.

٤- اندريه مارتينه (١٩٨٥) مبادیو اللسانيات العامه، ترجمه احمد الحمو، المگبعه الجديده، ديمشق.

٥- سعيده زيغد (٢٠١٢) البۆره فى نڤريه النحو الوڤيفى : قرأه جديده فى تنميگ احمد المتوكل، كليه الاداب و العلوم الانسانيه، جامعه باجى مختار، عنابه، مجله التواصل فى اللغات و الپقافه و الاداب، عدد/٣١، تونس.

٦- محمد الشاوش (١٩٩٠) سوسير و الالسنيه، چمن اهم المدارس اللسانيه، المعهد القومى لعلوم التربيه،گ/٢ تونس

٧- محمد على الخولى (١٩٩١) معجم علم اللغه النڤرى، انكليزى- عربى- بيروت، لبنان .

٨- يحى احمد (١٩٩٩) الاتجاه الوڤيفى و دوره فى تحليل اللغه، مجله عالم الفكر، المجلد (٢٠)، العدد (٣)، المجلس الوگنى للپقافه و الفنون و الاداب، الكويت .

**ج- بە ئینگلیزی :**

Lyons.J (1977)"Sementics"Cambridge University Press London and New York

Fattah,M,M.(1980) On The Stress System of kurdish, Zanko.The Scientific Jorurnal of Sulaimaniyah University.Vol:6,No,2,Sep.

**الملخص:**

**مفاهيم دور الفاعل فى القواعد التركيبيه و الوظيفية**

فى هذا البحث يتم طرح نظرة جديدة للفاعل لأن الفاعل وبالشكله الحالي يتعرض لعقبات منطقية، منها الفاعل في حالة النهي مع الفاعل في جملة الفعل المضارع حيث من الناحية المنطقية لا يمكن أن يكونا فاعلين لأن الأول لا يقوم بالعمل و الثاني لم يتم بعد القيام بالفعل ولهذا الغرض يجب للاعتماد على القواعد الوظيفية حيث وضع عدة أشكال للفاعل ويتضمن عنوان البحث مصطلح و دور الفاعل في هذا البحث يتم المقارنة و تسليط الضوء حول نظرة حديثة للقواعد الوظيفية للفعل.ويتم انجاز البحث تحت ضوء النظرية الوضيفية.

يكمن اهمية البحث في طرح نظرة حديثة للفعل و الترفريق بين الفاعل الحقيقي و شبيه الفاعل.

هدف هذا البحث ايجاد قواعد بامكانه توضيح وضيفية و معنى الفاعل الحقيقي و تشخيص أنواع الفاعل على أساس الموقع كما هو مثبت في قواعد البنوية.

اصافة الى المقدمة و النتائج يحتوي البحث على المحورين : المحور الأول خاص بالفعل في قواعد البنيوية حيث يتضمن هذه العناوين : الفاعل، موقع الفاعل، تسلسل الفاعل في الجملة، الفاعل في الجملة، توافق الفاعل في الجملة، الفاعل في حالة النهي، الفاعل في جملة المبني للمجهول، المحور الثاني مخصص للفعاعل في قواعده الوظيفية حيث يتضمن هذه العناوين: النظرة الوظيفية للجملة، مكونات الجملة في القواعد الوظيفية، المشاركون في الجملة، الدور الدلالي للفاعل، الدور التدوالي للفاعل مع النتائج و ملخص البحث باللغتين العربية و الانجليزية.

**Summary:**

**Concept and role of verb in enlightenment and functional grammar**

This study deals with a new perspective about Subject, because in its current form, the subject faces logical problems especially the subject in its negative form and in present tense sentences. As in these two cases it is logically not common to be a subject because in the first case it cant fulfill the act, and in the second one the action is not completed. For these reasons we have to consider functional grammar, because in functional grammar the subject has various different forms. The current study is entitled “The Function and the concept of Subject in structural Functional Grammar” which sheds light on new perspectives towards the functional grammar of subject. It is a descriptive study.

The importance of the study is that it is a new perspective of subject and differentiates between the actual subject and the subject like. The study aims at finding a new rule to introduce the function and the meaning of subject, as well as finding out the types of subjects in its functional form not the position.

The study consists of an introduction and a conclusion. It also consists of two parts: the first part is devoted to subject in structural grammar. It includes the following sub-titles: “the subject, the position of subject, the place of subject in the sentence, etc.” while the second part is devoted to the subject in functional grammar, it includes the following sub titles: “functional perspective of subject, the structure of subject in functional grammar,etc. It also includes the abstract in Arabic and English language.